# وەقایعی کوردستان

رۆژنـامـەی ڕەسمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٣١٠) ساڵی بیست و سێ ١٠ ئەیلول ٢٠٢٣زاینیی ١٩ گەلاوێژ ٢٧٢٣ کوردی ٢٥ صفر ١٤٤٥ کۆچی

310



**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ١ لا

ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ١٤

ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ٢٥

ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ٣٧

ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی وئابووری** ٤٤

هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی وئابووری** ٤٤

هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠١٢وخاڵی (٨/أ)لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣

**ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی وئابووری** ٤٥

هەمواری ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٣ی ئەنجومەنی دادوەری** ٤٦

**بەیانی ژمارە (١٦ – ١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٤٧

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** ٤٨

**بەیانی ژمارە (٣٣-٣٤-٣٥-٣٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٤٨



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٠) السنة ثلاثة وعشرون ١٠ ايلول ٢٠٢٣ م. ١٩ گەلاوێژ ٢٧٢٣ ك. ٢٥ صفر ١٤٤٥ هـ.

**310**

*The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice*


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|

| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ١ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ١٤ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ٢٥ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ٣٧ |
| تعليمات رقم (١٠ - ١١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٤٤ |
| تعليمات گمرگی رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٤٥ |
| قرار لسنة ٢٠٢٣ مجلس القضاء | ٤٦ |
| تعليمات رقم (١٦ - ١٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٤٧ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل | ٤٨ |
| تعليمات رقم (٣٣-٣٤-٣٥-٣٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٤٨ |



No. 310 Date: September 10, 2023 - Vol. 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٥٣٧٤ لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەمووارکراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٢٠٢٣/٦/٦)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)**

**ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

لە خوێندنی ماستەر (ECTS 120) کرێدیت بۆ هەردوو ساڵەکە تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەک کە (ECTS 60)ی بۆ هەردوو سیمستەری ساڵی یەکەم دەبێت کە هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت و (ECTS 60)ی بۆ ماستەرنامە بە سەرکەوتوویی تەرخان دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

**أ- ساڵی یەکەم/ سیمستەری یەکەم:**

١- خوێندنی (٥) پێنج بابەت بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری یەکەم، کە مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بێت و پەیوەندیدار بێت بە خوێندنەکەی و لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت، هەروەها خوێندنی بە لایەنی کەم (٢) دوو بابەتی گشتی (General Module) بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بابەتی (Advanced Computer Skills) یان بابەتی (Biostatistics) یاخود بابەتی (Statistics) بە پێی تایبەتمەندی بەشە زانستیەکە. هەروەها بۆ ئەو بەشانەی کە خوێندنی ئەم بابەتانە لە پسپۆری بەشەکەیە، دەکرێت بابەتی دیکەی پێویست بخوێندرێت.
- بابەتی (Advanced Research Methodology) بۆ خوێندنی چۆنیەتی ئەنجامدان و نووسینی توێژینەوەی زانستی و دەسپاکی ئەکادیمی و بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی لە ڕێگەی سۆفتوێرەکانی EndNote و BibTex و Mendeley و Plagiarism و فێربوونی Presentation...هتد.

٢- ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).
٣- بۆ هەر بابەتێک پێویستە ( ٢ بۆ ٤ ) کاتژمێری تیۆری رووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.
٤- کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان و خوێندکاران.
٥- پێویستە بۆ هەر بابەتێك، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان لە قوتابی/خوێندکارەکە زیاتر بکات بە پێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.
٦- بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیە کان (پسپۆرییە کان) نەوەک بابەتە گشتیە کان، پێویستە قوتابی/خوێندکار (١) یەک (Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بۆ هەر بابەتێک بە جیا بنووسێت و بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ئارتیکل ریڤیوەکە پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن مامۆستای بابەت.
٧- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیە کان (پسپۆرییە کان) ، لەسەر نووسینی (Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدە کانی توێژینەوەی زانستی دەبێت کە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review article) دەکرێت و پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی دوو لە بابەتە سەرەکیەکان لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final exam) سیمستەری یەکەم دەبێت.
٨- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (١) یەک لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm Exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتە سەرەکیەکە لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final exam) سیمستەری یەکەم دەبێت.

٩- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە گشتیەکان وەکو (Advanced Computer Skills یان Biostatistics یاخود Statistics بەپێی تایبەتمەندی بەشەکە) و ( Advanced Research Methodology)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm Exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی گشتی لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final exam) دەبێت.

١٠-پێویستە دوو (بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course) لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دەست نیشان بکرێت و لە لایەن قوتابی/خوێندکار بە ئارەزووی خۆی یەکێک لەو دوو بابەتە هەڵدەبژێرێت و دەخوێنێت.

١١-پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

١٢- مامۆستای بابەت، پێویستە هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر) بێت کە پێشینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانستی بەرزتر دەبێت، لە کاتی نەبوونی دەکرێت هەڵگری بروانامەی دکتۆرای خاوەن نازناوی زانستی ( مامۆستا) بە مەرجێک (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە بۆ هەر سیمستەرێک.

**ب. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

١- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە Review article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | ئارتیکلی پێداچوونەوە (Review article) بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm) (exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر Final ) (exam | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

٢- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (١) یەک لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بەبێReview article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm) (exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠% نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | |

٣- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە گشتیەکان:

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پریزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm) (exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | %١٠٠ نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | |

٤- خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم)

| سیمستەری یەکەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەروو بە شێوەی Contact hours- face to ) face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | Advanced Research Methodology | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ نووسینی (Review article )ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) بە پەیرەوکردنی میتۆدی توێژینەوە بۆ سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لە ماوەی سیمستەری یەکەم و ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان |
| ٢ | Advanced Computer یان Statistics Skills یان Biostatistics | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course<br>بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | **کۆی گشتی** | **(Credit ECTS) 30** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

**ت. ساڵی یەکەم/ سیمستەری دووەم:**

١- خوێندنی (٥) پێنج بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری دووەم کە پەیوەندیدارە بە خوێندنەکەی لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت.

٢- ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣- بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری رووبەڕوو بە شێوەی (face to face class - Contact hour) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤- کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بە مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابی/ خوێندکار.

٥- پێویستە بۆ هەر بابەتێک قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان زیاتر بکات بەپێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦- پێویستە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، قوتابی/خوێندکار (١) یەک ( Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) و شەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بۆ هەر بابەتێک بە جیا بنووسێت و پێشکەش کردنی سیمینار بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لە سەر ئارتیکل ریڤیوەکە پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن مامۆستای بابەت.

٧- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر نووسینی ( Review article) دەبێت کە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review article) دەکرێت و پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی سەرەکی (پسپۆری) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final exam) دەبێت.

٨- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (٣) سێ لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی سەرەکی (پسپۆری) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final exam) دەبێت.

٩- پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی جێبەجێ بکرێت.

١٠-مامۆستای بابەتەکان، پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە مەرجی نازناوی زانستی (پڕۆفیسۆری یاریدەدەر و پڕۆفیسـۆر) بێت کە پێشـینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانسـتی بەرزتر دەبێت، لە کاتی نەبوونی دەکرێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای خاوەن نازناوی زانسـتی (مامۆسـتا) بە مەرجێک (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەسـت هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت وانە بڵێتەوە و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە.

**پ. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

١- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە Review article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | ئارتیکلی پێداچوونەوە (Review article) بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

٢- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ (٣) سێ لەبابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بەبێ Review article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٢٠% نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠% نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | |

٣- خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم)

| سیمستەری دووەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەروو بە شێوەی ( Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی Non-contact hours ) (learning کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | بابەتی پسپۆری یەکەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ نووسینی ( Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) بە پەیرەوکردنی میتۆدی توێژینەوە بۆ سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لە ماوەی سیمستەری دووەم و ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) |
| ٢ | بابەتی پسپۆری دووەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی پسپۆری سێیەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی پسپۆری چوارەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course | | | |
| **کۆی گشتی** | | **30 (credit ECTS)** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

**ج. ساڵی دووەم/ سیمستەری یەکەم: پرۆسەی پەسەندکردنی پرۆپۆزەڵ و دیاریکردنی سەرپەرشتیار و کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانستی و دەستکردن بە نووسینی ماستەرنامە:**

١- لە سەرەتای هەفتەی یەکەمی ساڵی دووەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/خوێندکار پرۆپۆزەڵێکی سەرەتایی ئامادە بکات بە هەماهەنگی مامۆستایەک کە مافی سەرپەرشتیاریی لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان هەبێت و پێویستە پرۆپۆزەڵەکە لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە رەوتی زانست لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، و پێشکەشی سەرۆکایەتی بەش بکات، پاشان پرۆپۆزەڵەکە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) پەسەند بکرێت.

٢- لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت کە پێویستە (١) یەکێکیان لە دەرەوەی بەشەکەی بێت لەسەر ئاستی هەر بەشێک بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێک بە جیا پێکدەهێنرێت و پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی و ئامادەبوونی سەرپەرشتیار سیمینارێکی زانستی پێشکەش بە لیژنەکە بکات بۆ مەبەستی چەسپاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکە. ئەگەر لیژنەکە تێبینی و سەرنجی هەبوو ئەوا مافی پێشنیازی بە پێداچوونەوەی پرۆپۆزەڵە پێشکەشکراوەکە هەیە و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند دەکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لیژنەکە بە پێویستی زانی پرۆپۆزەڵەکە بە تەواوی بگۆردرێت بە هۆکار و پاساوی رەوای زانستی، ئەوا پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیار پرۆپۆزەڵێکی دیکە پێشکەش بە (لیژنەی زانستی بەش) بکات لە ماوەی (٢) دوو هەفتەدا، لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەوا پرۆپۆزەڵەکە پێشکەش بە لیژنە پسپۆرییەکە دەکات و دواتر سیمیناری زانستی بۆ بکرێت و لە لایەن لیژنە پسپۆرییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند بکرێت.

٣- دواتر فەرمانی کارگێری چەسپاندنی پرۆپۆزەڵ بۆ قوتابی/خوێندکارەکان لە لایەن راگرایەتی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ دەردەکرێت.

٤- هەروەها سیمستەری یەکەمی (ساڵی دووەم)ی خوێندن، بریتی دەبێت لە زیاتر ئاشنابوونی قوتابی/خوێندکار بە پرۆپۆزەڵ و ژینگەی توێژینەوە لە لایەن سەرپەرشتیار، و کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی زانستی و ئەنجامدانی ئەزموونی پێویست لە تاقیگەی زانستەکان بە ڕێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو)، یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی ماستەرنامە.

٥- لە کۆتایی سیمستەرەکەدا، پێویستە قوتابی/خوێندکار راپۆرتی کار پێشکەش بە سەرپەرشتیار بکات دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە، دواتر قوتابی/خوێندکارەکە لەژێر چاودێری و ئامادەبوونی سەرپەرشتیارەکەی سیمینارێکی زانستی بە شێوەی (پرێزنتەیشن) پێشکەش دەکات و لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە بەشەکەی کە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندام بێت، دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەو سیمستەرەدا بەدەست هاتووە بە مەبەستی نووسینی ماستەرنامەکەی و دوایین بڵاوکراوە زانستیەکانی پەیوەندیدار بە ماستەرنامەکەی و پرۆسەی (الضبط ا لدقیق-Tunning) کە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆرەوە هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ دەکرێت و دواتر قوتابی/خوێندکار پێویستە سەرنج و تێبینیە زانستیەکانی لیژنەکە بەهەند وەربگرێت بۆ درێژەدان بە نووسینی ماستەرنامەکەی بە شێوەیەکی زانستی. ئەم سیمینارە زانستیە هیچ نمرە و یەکە (ECTS Credit)ی بۆ تەرخان ناکرێت، بەڵکو بۆ مەبەستی بەدواداچوون کارەکان و پێدانی رێنوێنی زانستییە بە قوتابی/خوێنکار.

٦- بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ چاودێری و بەدواداچوون بکات بۆ ئاگاداربوون لە دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نووسینی ماستەرنامەکەی قوتابی/خوێندکار و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو و دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و مەرجەکاتی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هەر (٣) سێ مانگ جارێک راپۆرتی بەرەوپێشچوونی کاروبارەکان (Progress report) پێشکەش بکات.

٧- نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە لە کۆتایی خوێندنەکە.

**ح. ساڵی دووەم/سیمستەری دووەم: قۆناغی درێژەدان بە نووسین و تەواوکردن و پێشکەشکردنی ماستەرنامە:-**

١- بەردەوامیدانی قوتابی/خوێندکار بۆ نووسینی ماستەرنامە و تەواوکردنی.

٢- لە کاتی تەواوبوونی ماستەرنامەکە قوتابی/خوێندکار لە رێگەی داواکارییەکی فەرمی پاڵپشت بە رەزامەندی سەرپەرشتیار لە رێگەی (بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکول) ئاراستەی (سەرۆکایەتی بەشی زانستی) دەکات پێش (٢) دوو مانگ بە لایەنی کەم بەر لە تەواوبوونی ماوەی خوێندنەکەی بۆ وەرگرتنی رێکارەکان و چاپکردنی ماستەرنامەکە و دیاریکردنی رێکەوتی گفتوگۆ لە چوارچێوەی میچی ماوەی خوێندن، لەسەر بەشی زانستی پێویستە لەم ماوەیەدا رێکارەکانی ناردنی ماستەرنامە بۆ پێداچوونەوەی زمانەوانی و هەڵسەنگێنەری زانستی و دانانی لیژنەی تاوتوێکردن ئەنجام بدات. هەروەها مەرجە سەرجەم پرۆسەکان بە پێی رێنماییەکان تێپەربووبێت و راپۆرتی راسپاردەکانی لیژنەی سیمینارەکان لە ماوەی سیمستەری یەکەمی ساڵی دووەم هەروەکو لە ناوەرۆکی ئەم رێنماییە هاتووە، هاوپێچ بکرێت و دۆکیومێنت بکرێت.

٣- قوتابی/خوێندکار دەتوانێت (٣) سێ مانگ زووتر پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی خوێندنی ماستەر، ماستەرنامەکە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی رێکارەکان.

٤- ناردنی ماستەرنامەکە بە نووسراوی فەرمی سەرۆکی بەش لەگەڵ فۆرمی هاوپێچکراو بۆ (پێداچوونەوەی زمانەوانی) کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت لە پسپۆری ئەو زمانەی کە ماستەرنامەکەی پێنووسراوە.

٥- دەرکردنی فەرمانی کارگێری و ناردنی ماستەرنامەکە بە نووسراوی فەرمی سەرۆکی بەش لەگەڵ فۆرمی هاوپێچکراو بە شێوەی نهێنی بە بێ ئاماژەکردن بە ناوی قوتابی/خویندکار بۆ (هەڵسەنگێنەری زانستی) کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بێت و مەرجە لە دەرەوەی میلاکی زانکۆکە بێت و رەزامەندیدانی لەسەر ئەوەی کە ماستەرنامەکە شایستەی تاوتوێکردنە، پاشان پێویستە قوتابی/خوێندکار گشت تێبینی و سەرنجە زانستیەکانی هەڵسەنگێنەری زانستی جێبەجێ بکات.

٦- لە هەموو پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی زانستی مەرجە هەڵسەنگێنەر پابەند بێت بە هەموو بنەماکانی پاراستنی خاوەنداریەتی هزری (الملكية الفكرية- Intellectual property)، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا و رێنماییەکانی پەیوەندیدار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٧- دەسەڵات دەرێت بە زانکۆکان بۆ دیاریکردنی رێژەی (Plagiarism)ی ماستەرنامەکە.

٨- تاوتوێکردنی ماستەرنامە ئەنجام نادرێت بە بێ بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی ووەرگرتنی رەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو بە پێی ناوەڕۆکی رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢) خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان، هەروەها مەرجە توێژینەوە بڵاوکراوە داواکراوەکە هەڵێنجراو (مستل) بێت لە ماستەرنامەکە.

٩- لە کاتی تاوتوێکردنی ماستەرنامە، پێویستە وێنەیەک لە ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری زانستی و ڕاپۆرتی لیژنەکانی پسپۆری کە بریتییە لە دەرئەنجامی سیمیناری قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەری یەکەمی ساڵی دووەمی خوێندن هەروەکو لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە هاتووە، هاوپێچ بکرێت و وێنەیەک لە ڕاپۆرتەکان لەگەڵ ماستەرنامەکە بدرێتە (سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن).

١٠- مەرجە قوتابی/خوێندکار تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی لەناو کامپەسی زانکۆی خۆی ئەنجام بدات.

١١- سەبارەت بە شێوازی نووسینی ماستەرنامە، دەسەڵات دەدرێت بە (ئەنجومەنی زانکۆکان) بەپێی تایبەتمەندی زانکۆکە ئەو شێوازە دیاری بکات لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕێبەری خوێندنی باڵا و بڵاوکردنەوەی لەسەر وێبسایتی زانکۆ.

١٢- نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە لە کۆتایی خوێندنەکە.

**چ. نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (credit):**

١- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر سیمستەرێکی ساڵی یەکەم و خوێندنی چەند بابەتێک لە ماوەی ئەم سیمستەرەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

<table>
<tr><td colspan="6">چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS credit )</td></tr>
<tr><td colspan="6">چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر</td><td colspan="3">کۆی کرێدیت (ECTS credit) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت</td></tr>
<tr><td colspan="3">(١٢-١٥ + ٣٨- ٣٥= ٥٠) کاتژمێر</td><td colspan="2">(٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر</td><td>٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە</td></tr>
<tr><td>کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەڕوو (محاضرات) Contact ) hours face to (face class (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا</td><td>کاتژمێری (Workload) بە شێوەی ( Non-contact (hours learning تەرخانکراو بۆ ئامادەکردنی (Review article ) و سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی کویز و میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و Assignment و هتد.... (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا</td><td>کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک</td><td>ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر)</td><td>کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک</td><td>ژمارەی کاتژمێری پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC credit)</td></tr>
<tr><td>(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا</td><td>(٣٨-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا</td><td>(٥٠) کاتژمێر</td><td>(١٤) هەفتە</td><td>(٧٥٠) کاتژمێر</td><td>(١) یەکە ECTC credit = (٢٥) کاتژمێر</td></tr>
</table>

٢- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەم (ساڵی دووەم)ی نووسینی ماستەرنامە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵی دووەم بۆ نووسینی ماستەرنامە بەرامبەر کرێدیت ( ECTS credit)ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ کرێدیت (ECTS credit ) | | |

٣- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ سەرجەم سیمستەرەکانی ساڵەکانی خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی یەکە (ECTS credit)کانی هەر دوو ساڵی خوێندن | | |
|---|---|---|
| ساڵ | سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| ساڵی یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری دووەم |
| ساڵی دووەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ نووسینی ماستەرنامە | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ نووسینی ماستەرنامە |
| **کۆی گشتی** | **30+30+30+30= 120کرێدیت (ECTS credit)** | |

**ماددەی (٢):**

قوتابی/خوێندکاری ماستەر، ئەگەر پێویست بوو بۆی هەیە بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن ئەنجام بدات، بەڵام لە کاتی درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن هیچ کرێدیت ( ECTS credit) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

**ماددەی (٣):حوکمە کۆتاییەکان:**

١- بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی یەکەمی خوێندن، پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەراندنی ڕێژەی (١٠%)ی بە بێ هۆکار و ڕێژەی (١٥%) ی بە پاساوی رەوا بۆ هەر بابەتێک، ئەوا سرینەوەی ناوی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٢- بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوونی هەفتانە لەگەڵ سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی بەپێی ڕێنماییەکان بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکان و ئەو کارانەی ئەنجامی داوە و وەرگرتنی ڕاوسەرنجی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی و ئاراستەکردنی قوتابی/خوێندکار، بە پێچەوانەوە

قوتابی/خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوو، پێویستە سەرپەرشتیار ڕاپۆرت پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات و کەمتەرخەمی قوتابی/خوێندکار ڕووندەکاتەوە و لە حاڵەتی بەردەوامی ئامادەنەبوونی قوتابی/خوێندکار بۆ ماوەی (٤) هەفتە بە گشتی لە ماوەی هەر سیمستەرێک بەبێ هۆکاری ڕێگەپێدراوی وەکو هۆکاری تەندروستی پاڵپشت بە ڕاپۆرتی تەندروستی یان هەر هۆکارێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قوتابی/خوێندکار بێت (الظروف القاهرة)، سەرپەرشتیار دەتوانێت پێشنیاری دابڕانی قوتابی/خوێندکار لە خوێندنەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات و بدرێتە (ئەنجومەنی بەش) و پێشنیاری (سڕینەی ناو)ی بکات بۆ (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/ سکوڵ)، ئەگەر (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/ سکوڵ) پە سەندی کرد، ئەوا فەرمانی (سڕینەوەی ناو)ی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٣- بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، فۆڕمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەک دەبێت بۆ ئەرک و مافەکانی (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار، بە پێچەوانەوە شایستەی دارایی بۆ سەرپەرشتیار خەرج ناکرێت.

**ماددەی (٤):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە درێژەدان بە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆڕسەکانی خوێندنی ماستەری ئەکادیمی لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

## فۆرمی پێداچوونەوەی زمانەوانی
## ( بۆ ماستەرنامە)

**زانیارییە گشتیەکان:-**

ناونیشانی ماستەرمانە:

ناوی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ:

ناوی بەشی زانستی:

ناوی پسپۆڕی:

**ئەنجامی هەڵسەنگاندن:** پەسەندە وەکو خۆی ◯ ئەنجامدانی گۆڕانکاری هاوپێچکراو ◯

**تێبینی پێداچوونەری زمانەوانی:**...........................................................................

واژوو

ناوی سیانی پێداچوونەری زمانەوانی

پلەی زانستی

ناوی زانکۆ/ کۆلێژ/بەشی زانستی

پسپۆڕی

ڕێکەوت

---

## فۆرمی هەڵسەنگاندنی زانستی
## ( بۆ ماستەرنامە)

**زانیاری گشتی**

ناونیشانی ماستەرمانە:

ناوی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ:

ناوی بەشی زانستی:

ناوی پسپۆڕی:

**ئەنجامی هەڵسەنگاندن:** شایستەی تاوتوێکردنە * (بەبێ گۆڕانکاری) ◯ شایستەی تاوتوێکردنە ** ( بە گۆڕانکاری کەم) ◯ شایستەی تاوتوێکردن نییە *** ( بە هۆی گۆڕانکاری زۆر) ◯

* ماستەرنامەکە شایستەیە بۆ تاوتوێکردن بە بێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری.

** ماستەرنامەکە شایستەیە بۆ تاوتوێکردن دوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری کەم کە هاوپێچە و پێویست بە دووبارە هەڵسەنگاندن ناکات.

*** ماستەرنامەکە شایستە نییە بۆ تاوتوێکردن و پێویستە دوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری هاوپێچکراو بە ڕاپۆرت، دووبارە بۆ هەڵسەنگێنەرەکە دەنێردرێتەوە.

**تێبینی هەڵسەنگێنەری زانستی:**..........................................................................................

واژوو

ناوی سیانی هەڵسەنگێنەری زانستی

پلەی زانستی

ناوی زانکۆ/ کۆلێژ/بەشی زانستی

پسپۆڕی

ڕێکەوت

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٥٣٧٥ لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٢٠٢٣/٦/٦)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**رێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

لە خوێندنی دکتۆرا (ECTS Credit 180) بۆ هەر سێ ساڵەکە تەرخان دەکرێت، بەشێوەیەک کە (ECTS Credit 30) بۆ سیمستەری یەکەمی ساڵی یەکەم تەرخان دەکرێت و (ECTS Credit 150)ی بۆ تێزی دکتۆرا بە سەرکەوتوویی تەرخان دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

**یەک/ساڵی یەکەم بریتیە لە دوو سیمستەر:**

**أ- سیمستەری یەکەم: کۆرسێکی ئامادەکاری زانستی دەبێت بۆ خوێندنی بابەتەکان:** ئەم سیمستەرە (ECTS Credit 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- خوێندنی (٥) پێنج بابەت بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری یەکەم کە مەرجە (٤) چوار بابەتی سەرەکی پسپۆری (Core Module) بێت کە پەیوەندیدارن بە خوێندنەکەی کە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت. هەروەها خوێندنی بە لایەنی کەم (١-٢) یەک تا دوو بابەتی گشتی (General Module) بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بابەتی (Advanced Computer Skills) یان بابەتی (Biostatistics) یاخود بابەتی (Statistics) بە پێی تایبەتمەندی بەشەکە. هەروەها بۆ ئەو بەشانەی کە خوێندنی ئەم بابەتانە لە پسپۆری بەشەکەیە، دەکرێت بابەتی دیکەی پێویست بخوێندرێت.
- بابەتی (Advanced Research Methodology) بۆ خوێندنی چۆنیەتی نووسینی توێژینەوەی زانستی و دەسپاکی ئەکادیمی و بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی لە رێگەی سۆفتوێرەکانی EndNote و BibTex و Mendeley و فێربوونی Plagiarism و Presentation...هتد.

٢- ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣- بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (face to face class - Contact hour) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤- کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان/خوێندکاران.

٥- دەرچوون و بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی سیمستەری یەکەم کە بریتییە لە کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی سەرجەم کرێدیتەکانی سیمستەری یەکەم بە سەرکەوتوویی مەرجە بۆ پەرینەوە بۆ سیمستەری دووەم، بە پێچەوانەوەی سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت.

٦- پێویستە بۆ هەر بابەتێک، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان لە قوتابی/خوێندکارەکە زیاتر داوا بکات بە پێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٧- (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، پێویستە بۆ هەر بابەتێک قوتابی/خوێندکار (١) یەک (Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بنووسێت و بەشێوەی (پریزێنتەیشن) ئارتیکل ریڤیوەکە پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لە لایەن مامۆستای بابەت.

٨- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، لەسەر نووسینی ( Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت، چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی سەرەکی (پسپۆری) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final exam) دەبێت.

٩- لە (٥٠%)ی نمرە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)ی دیکە، لە سەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت، چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی سەرەکی (پسپۆری) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final exam) دەبێت.

١٠-لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتە گشتیەکان، لە سەر پێشکەش کردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و ئەنجامدانی کویز (Quiz) و یان هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت، چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێکی گشتی لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final exam) دەبێت.

١١- پێویستە دوو (بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course) لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دەست نیشان بکرێت و لە لایەن قوتابی/خوێندکار بە ئارەزووی خۆی یەکێک لەو دوو بابەتە هەڵدەبژێرێت و دەخوێنێت.

١٢- پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی جێبەجێ بکرێت.

١٣- مامۆستای بابەت، پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و مەرجە نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان پرۆفیسۆر) بێت کە پێشینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانستی بەرزتر دەبێت و نابێت هەر مامۆستایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە.

**ب. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیمستەری یەکەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

١- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (بە Review article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | Review article) بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

٢- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە سەرەکییەکان (پسپۆرییەکان) (بە بێ Review article):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm (exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | %١٠٠ نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | |

٣- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە گشتیەکان:

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm (exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر Final (exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | %١٠٠ نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | |

## ٤- خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و وردەکاری کرێدیتی سیمستەری یەکەم

| سیمستەری یەکەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | Advanced Research Methodology | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ نووسینی (Review article)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) بە پەیرەوکردنی میتۆدی توێژینەوە بۆ (٢) دوو لە بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لە ماوەی سیمستەری یەکەم و ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان |
| ٢ | Advanced Computer Skillsیان Statistics یان Biostatistics | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی پسپۆری سێیەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی پسپۆری چوارەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری پێنجەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٦ | بابەتی پسپۆری هەڵبژاردە- Elective Course<br>بابەتی پسۆری هەڵبژاردە - Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | **کۆی گشتی** | **30 (Credit ECTS)** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** |

**ت. سیمستەری دووەم: پرۆسەی پەسەندکردنی پرۆپۆزەڵ و دیاریکردنی سەرپەرشتیار و کۆکردنەوەی سەرچاوە و دەستکردن بە نووسینی تێزی دکتۆرا:**

١- پێویستە لە لایەن ئەنجومەنی بەشەوە پرۆپۆزەڵە پێشکەشکراوەکانی کاتی دانانی کورسیەکانی خوێندن لەو بەشە کە ئامادەکراون و نووسراون بەسەر قوتابی/خوێندکارە وەرگیراوەکان بە پێی پلانی پەسەندکراو دابەش بکرێت.

٢- پێویستە (لیژنەی زانستی بەش و ئەنجومەنی کۆلێژ) پێشووتر پرۆپۆزەڵەکەی پەسەند کردبێت.

٣- بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێک لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت کە (١) یەکێکیان لە دەرەوەی زانکۆکە بێت لەسەر ئاستی هەر بەشێک پێکدەهێنرێت، و پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە لە ژێر چاودێری و ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری خاوەن پرۆپۆزەڵەکە سیمینارێکی زانستی پێشکەش بە لیژنەکە بکات بۆ مەبەستی چەسپاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکە. ئەگەر لیژنەکە تێبینی و سەرنجی هەبوو، ئەوا خودی لیژنەکە مافی پێشنیازی پێداچوونەوەی بە پرۆپۆزەڵە پێشکەشکراوەکە هەیە، هەروەها ئەگەر لیژنەکە بە پێویستی زانی پرۆپۆزەڵەکە بە تەواوی بگۆردرێت کە ئەمیش بە هۆکار و پاساوی رەوای زانستی، دەکرێت سەرپەرشتیار بە هەماهەنگی لەگەڵ قوتابی/خوێندکارەکە پرۆپۆزەڵێکی دیکە پێشکەش بە (لیژنەی زانستی بەش) بکات لە ماوەی (٢) دوو هەفتەدا و لە (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند بکرێت، لە حاڵەتی پەسەندکردنی پرۆپۆزەڵە نوێیەکە پێشکەش بە لیژنە پسپۆڕییەکە دەکات و دواتر سیمیناری زانستی بۆ بکرێت و لە لایەن لیژنە پسپۆرییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە مەبەستی چەسپاندنی.

٤- دواتر فەرمانی کارگێری چەسپاندنی پرۆپۆزەڵ بۆ قوتابی/خوێندکارەکان لە لایەن راگرایەتی کۆلێژ دەردەکرێت.

٥- ئەگەر سەرپەرشتیار بە پێویستی زانی قوتابی/خوێندکار پێویستی بە (١ تا ٢) بابەت هەیە بخوێنێت کە پەیوەندی راستەوخۆی بە پرۆپۆزەڵەکەی هەیە، سەرپەرشتیار داواکارییەک پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش دەکات و دواتر پێویستە رەزامەندی (لیژنەی زانستی بەش) وەربگرێت. لێرەدا ئەم بابەتانە هیچ کرێدیت (ECTC credit)ی بۆ تەرخان ناکرێت، بەڵکو تەنها مەرجی دەرچوون (مستوفي-Pass) و لە کاتی دەرنەچوونی پێویستە بابەتەکە دووبارە بکاتەوە.

٦- هەروەها سیمستەری دووەمی ساڵی یەکەمی خوێندن بریتی دەبێت لە زیاتر ئاشنابوونی قوتابی/خوێندکار بە پرۆپۆزەڵ و ژینگەی توێژینەوە لە لایەن سەرپەرشتیارەکەیەوە، و کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی زانستی و دەستکردن بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە زانستیانەی دەستیکەوتووە، هەروەها ئەنجامدانی ئەزموونی پێویست لە تاقیگەی زانستەکان بە ڕێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو)، یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی تێزی دکتۆرا.

٧- لە کۆتایی سیمستەرەکەدا، پێویستە قوتابی/خوێندکار راپۆرتی کار پێشکەش بە سەرپەرشتیار بکات دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە، دواتر قوتابی/خوێندکارەکە لەژێر چاودێری سەرپەرشتیارەکەی سیمینارێکی زانستی بە شێوەی (پریزنتەیشن) پێشکەش دەکات و لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە بەشەکەی کە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندام بێت هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ سیمینارەکەی بکرێت و دواتر قوتابی/خوێندکار پێویستە سەرنج و تێبینیە زانستیەکانی لیژنەکە بەهەند وەربگرێت بۆ درێژەدان بە نووسینی تێزی دکتۆراکەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی. بەڵام ئەم سیمینارە زانستیە هیچ نمرەیەک (ECTC credit)ی بۆ تەرخان ناکرێت، بەڵکو بۆ مەبەستی بەدواداچوون کارەکان و پێدانی ڕێنوێنی زانستییە بە قوتابی/خوێندکار.

٨- نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆرا.

**دوو/ساڵی دووەم: ( أ- سیمستەری یەکەم و ب- سیمستەری دووەم) و ساڵی سێیەم (أ- سیمستەری یەکەم):**
بۆ هەر سیمستەرێک بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- بەردەوامیدانی قوتابی/خوێندکار بۆ نووسینی تێزی دکتۆرا بە چاودێری و ڕێنوێنی سەرپەرشتیار و کارەکانی پەیوەندیدار بە تێزەکە.

٢- لە کۆتایی هەر یەکە لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن و سیمستەری یەکەمی ساڵی سێیەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/خوێندکار بۆ هەر سیمستەرێک بە جیا راپۆرتی کار پێشکەش بە سەرپەرشتیار بکات دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە، دواتر قوتابی/خوێندکارەکە لەژێر چاودێری سەرپەرشتیارەکەی سیمینارێکی زانستی بە شێوەی (پرێزنتەیشن) بە هەماهەنگی و ئامادەبوونی سەرپەرشتیار پێشکەش بە لیژنەیەکی پسپۆر لە بەشەکەی بکات کە لیژنەکە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندام بێت دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لە هەر یەک لە سیمستەرەکاندا بەدەست هاتوون بۆ مەبەستی نووسینی تێزی دکتۆرایەکەی و دوایین بڵاوکراوە زانستیەکانی پەیوەندیدار بە تێزی دکتۆراکەی و پرۆسەی (الضبط الدقیق-Tunning) لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆرەوە هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ بکرێت و دواتر قوتابی/خوێندکار پێویستە سەرنج و تێبینیە زانستیەکانی لیژنەکە بەهەند وەربگرێت بۆ درێژەدان بە نووسینی تێزی دکتۆرایەکەی بە شێوەیەکی زانستی. بەڵام ئەم سیمینارە زانستیە هیچ نمرەیەک (ECTC credit)ی بۆ تەرخان ناکرێت، بەڵکو بۆ مەبەستی بەدواداچوون کارەکان و پێدانی رێنوێنی زانستییە بە قوتابی/خوێنکار.

٣- بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ بە بەردەوامی چاودێری و بەدواداچوون بکات بۆ ئاگاداربوون لە دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نووسینی تێزی دکتۆرای قوتابی/خوێندکار و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو و دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و مەرجەکانی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار بۆ هەر سیمستەرێکی خوێندن، راپۆرتی بەرەوپێشچوونی کاروبارەکان (Progress report) پێشکەش بەسەرۆکایەتی بەش بکات.

٤- نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرانە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆرا.

**سێ/ ساڵی سێیەم: ب- سیمستەری دووەم/ قۆناغی نووسین و تەواوکردن و پێشکەشکردنی تێزی دکتۆرا:**

١- بەردەوامیدانی قوتابی/خوێندکار بۆ نووسینی تێزی دکتۆرا.

٢- لە کاتی تەواوبوونی تێزی دکتۆرا قوتابی/خوێندکار لە رێگەی داواکارییەکی فەرمی پاڵپشت بە رەزامەندی سەرپەرشتیار ئاڕاستەی (سەرۆکایەتی بەشی زانستی) لە ڕێگەی (بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) دەکات. قوتابی/خوێندکار بۆی هەیە کە (٣) سێ مانگ زووتر بەر لە تەواوبوونی ماوەی خوێندنەکەی تێزەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات.

٣- قوتابی/خوێندکار پێویستە (٢) دوو مانگ بە لایەنی کەم بەر لە تەواوبوونی ماوەی خوێندنەکەی تێزەکەی پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی ڕێکارەکان و چاپکردنی تێزەکە و دیاریکردنی ڕێکەوتی گفتوگۆ لە چوارچێوەی میچی ماوەی خوێندن. مەرجە سەرجەم پرۆسەکان بە پێی ڕێنماییەکان تێپەربووبێت و ڕاپۆرتی را سپاردەکانی لیژنەی سیمینارەکان لە ماوەی سیمستەرە جیاجیاکان کە لە ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییە هاوپێچ بکرێت و دۆکیومێنت بکرێت.

٤- دەرکردنی فەرمانی کارگێری و ناردنی تێزەکە بە نوو سراوی فەرمی سەرۆکی بەش لەگەڵ فۆڕمی هاوپێچکراوی ئەم ڕێنماییە بۆ (پێداچوونەوەی زمانەوانی) کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت لە پسپۆری ئەو زمانەی کە تێزەکەی پێنووسراوە.

٥- دەرکردنی فەرمانی کارگێری و ناردنی تێزەکە بە نوو سراوی فەرمی سەرۆکی بەش لەگەڵ فۆڕمی هاوپێچکراوی ئەم ڕێنماییە بە شێوەی نهێنی بە بێ ئاماژەکردن بە ناوی قوتابی/خوێندکار بۆ (هەڵسەنگێنەری زانستی) کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بێت کە مەرجە لە دەرەوەی زانکۆکە بێت و ڕەزامەندیدانی لەسەر ئەوەی کە تێزی دکتۆراکە شایستەی تاوتوێکردنە، پێویستە قوتابی/خوێندکار گشت تێبینی و سەرنجە زانستیەکانی هەڵسەنگێنەری زانستی جێبەجێ بکات.

٦- لە هەموو پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی زانستی مەرجە هەڵسەنگێنەر پابەند بێت بە هەموو بنەماکانی پاراستنی (خاوەنداریەتی هزری- الملكية الفكرية- Intellectual property)، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٧- دەسەڵات دەرێت بە زانکۆکان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی (Plagiarism)ی تێزی دکتۆرا.

٨- تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا ئەنجام نادرێت بە بێ دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی کوردستان، مەرجە توێژینەوە بڵاوکراوە داواکراوەکان هەڵێنجراو (مستل) بێت لە تێزی دکتۆراکە.

٩- لە کاتی تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا، پێویستە وێنەیەک لە ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری زانستی و ڕاپۆرتەکانی لیژنە پسپۆرییەکان کە بریتییە لە دەرئەنجامی سیمیناری قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکان بە پێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە هاوپێچ بکرێت و لەگەڵ تێزی دکتۆرا بدرێتە (سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن).

١٠- مەرجە قوتابی/خوێندکار تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا لەناو کامپەسی زانکۆی خۆی ئەنجام بدات.

١١- سەبارەت بە شێوازی نووسینی تێزی دکتۆرا، دەسەڵات دەدرێت بە (ئەنجومەنی زانکۆکان) بە پێی تایبەتمەندی زانکۆکە ئەو شێوازە دیاری بکات لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕێبەری خوێندنی باڵا و بڵاوکردنەوەی لەسەر وێبسایتی زانکۆ.

١٢- نمرەی (ECTS Credit)ی ئەم سیمستەرە دەکەوێتە سەر هەڵسەنگاندنی لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆرا.

**ماددەی (٢):**

قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دکتۆرا ئەگەر پێویســـت بوو، ئەوا بۆی هەیە بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی پەیوەندیداری خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردســـتان درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێنـدن ئەنجـام بـدات، بەڵام لە کـاتی درێژکردنەوەی مـاوە و مۆڵەتی خوێنـدن هیچ کرێـدیـت (Credit ECTS) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

**ماددەی (٣):**

نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS Credit):

١- ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ سیمستەری یەکەم (ساڵی یەکەم) خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS Credit) | | | | | |
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر | | | کۆی کرێدیت (ECTS Credit ) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت | | |
| (١٢-١٥ + ٣٨- ٣٥= ٥٠) کاتژمێر | | | (٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە |
| کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەڕوو (محاضرات) (Contact hours face to face class) (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کاتژمێری (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours learning) تەرخانکراو بۆ ئامادەکردنی (Review article) و سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی کویز و میدتێرم و کۆتایی و هتد... (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (١٤ هەفتە بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر) | کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک | ژمارەی کاتژمێری پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC credit) |
| (١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣٨-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٥) هەفتە | (٧٥٠) کاتژمێر | (١) یەکە ECTC credit = (٢٥) کاتژمێر |

٢- ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ سیمستەری دووەم (ساڵی یەکەم) ی قۆناغی ئامادەکاری و دەستکردن بە نووسینی تێزی دکتۆرا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| | | |
|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵەکانی نووسینی تێزی دکتۆرا بەرامبەر کرێدیت (ECTS Credit )ی پێویست. | | |
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS Credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (١٥٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ١٥٠× ٥ = (٧٥٠) کاتژمێر |
| ٧٥٠ ÷ ٢٥ = ٣٠ یەکە (ECTS Credit ) | | |

٣- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەم (ساڵی دووەم)ی بەردەوامیدان بە نووسینی تێزی دکتۆرا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵەکانی نووسینی تێزی دکتۆرا بەرامبەر کرێدیت (ECTS Credit )ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS Credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ کرێدیت (ECTS Credit ) | | |

٤- ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەم (ساڵی سێیەم)ی بەردەوامیدان و تەواوبوونی نووسینی تێزی دکتۆرا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵەکانی نووسینی تێزی دکتۆرا بەرامبەر کرێدیت (ECTS Credit )ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS Credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ کرێدیت (ECTS Credit) | | |

٥- ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ گشت سیمستەرەکانی ساڵەکانی خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| **چۆنیەتی یەکە (ECTS credit)کانی هەر سێ ساڵی خوێندن** | | |
|---|---|---|
| ساڵ | سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| ساڵی یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS Credit) بۆ کۆرسی ئامادەکاری | (٣٠) کرێدیت (ECTS Credit) بۆ تێزی دکتۆرا |
| ساڵی دووەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS Credit) بۆ تێزی دکتۆرا | (٣٠) کرێدیت (ECTS Credit) بۆ تێزی دکتۆرا |
| ساڵی سێیەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS Credit) بۆ تێزی دکتۆرا | (٣٠) کرێدیت (ECTS Credit) بۆ تێزی دکتۆرا |
| **کۆی گشتی** | **٣٠+٣٠+٣٠+٣٠+٣٠+٣٠= ١٨٠ کرێدیت (ECTS credit)** | |

**ماددەی (٤):حوکمە کۆتاییەکان:**

١- لە سیمستەری یەکەمی ساڵی یەکەمی خوێندن، پێویستە (قوتابی/خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەراندنی ڕێژەی (١٠%)ی بە بێ هۆکار و ڕێژەی (١٥%) بە پاساوی ڕەوا بۆ هەر بابەتێک، ئەوا سڕینەوەی ناوی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٢- بۆ هەر یەک لە سیمستەری دووەمی ساڵی یەکەم و سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵەکانی دووەم و سێیەمی خوێندن و درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن، پێویستە (قوتابی/خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوونی هەفتانە لەگەڵ سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی بە پێی ڕێنماییەکان بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکان و ئەو کارانەی ئەنجامی داوە و وەرگرتنی ڕاو سەرنجی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی و ئاراستەکردنی قوتابی/خوێندکار، بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوو، سەرپەرشتیار ڕاپۆرت پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش دەکات و کەمتەرخەمی قوتابی/خوێندکار ڕوون دەکاتەوە و لە حاڵەتی بەردەوامی ئامادەنەبوونی قوتابی/خوێندکار بۆ ماوەی (٤) چوار هەفتە بە گشتی لە ماوەی هەر سیمستەرێک بە بێ هۆکاری ڕێگەپێدراوی وەکو هۆکاری تەندروستی پاڵپشت بە ڕاپۆرتی تەندروستی یان هەر هۆکارێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قوتابی/خوێندکار بێت (الظروف القاهرة)، سەرپەرشتیار دەتوانێت پێشنیاری دابڕانی قوتابی/خوێندکار لە خوێندنەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات و بدرێتە (ئەنجومەنی بەش) پێشنیاری (سڕینەی ناو)ی بکات بۆ (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ)، ئەگەر (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەندی کرد، ئەوا فەرمانی (سڕینەوەی ناو)ی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٣- بۆ هەر یەک لە سیمستەری دووەمی ساڵی یەکەم و سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵەکانی دووەم و سێیەمی خوێندن و درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن، فۆڕمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەک دەبێت بۆ ئەرک و مافەکانی (قوتابی/خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار، بە پێچەوانەوە شایستەی دارایی بۆ سەرپەرشتیار خەرج ناکرێت.

**ماددەی (٥):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆڕسەکانی خوێندنی دکتۆرای ئەکادیمی لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**فۆرمی پێداچوونەوەی زمانەوانی**
**(بۆ تێزی دکتۆرا)**

**زانیاری گشتی**
ناونیشانی تێزی دکتۆرا:
ناوی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ:
ناوی بەشی زانستی:
ناوی پسپۆڕی:
**ئەنجامی هەڵسەنگاندن:** پەسەندە وەکو خۆی ◯ ئەنجامدانی گۆرانکاری هاوپێچکراو ◯
**تێبینی پێداچوونەوەی زمانەوانی:**.............................................................................................................................................

**واژوو**
**ناوی سیانی پێداچوونەری زمانەوانی**
**پلەی زانستی**
**ناوی زانکۆ/ کۆلێژ/بەشی زانستی**
**پسپۆڕی**
**ڕێکەوت**

---

**فۆڕمی هەڵسەنگاندنی زانستی**
**(بۆ تێزی دکتۆرا)**

**زانیاری گشتی**
ناونیشانی تێزی دکتۆرا:
ناوی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ:
ناوی بەشی زانستی:
ناوی پسپۆڕی:
**ئەنجانی هەڵسەنگاندن:** شایستەی تاوتوێکردنە * (بەبێ گۆرانکاری) ◯ شایستەی تاوتوێکردنە ** ( بە گۆرانکاری کەم) ◯ شایستەی تاوتوێکردن نییە *** ( بە هۆی گۆرانکاری زۆر) ◯

* تێزی دکتۆراکە شایستەیە بۆ تاوتوێکردن بە بێ ئەنجامدانی گۆرانکاری.
** تێزی دکتۆراکە شایستەیە بۆ تاوتوێکردن دوای ئەنجامدانی گۆرانکاری کەم کە هاوپێچە و پێویست بە دووبارە هەڵسەنگاندن ناکات.
*** تێزی دکتۆراکە شایستە نییە بۆ تاوتوێکردن و پێویستە دوای ئەنجامدانی گۆرانکاری هاوپێچکراو بە راپۆرت، دووبارە بۆ هەڵسەنگێنەرەکە دەنێردرێتەوە.
**تێبینی هەڵسەنگێنەری زانستی :** ..........................................................................................................................

**واژوو**
**ناوی سیانی هەڵسەنگێنەری زانستی**
**پلەی زانستی**
**ناوی زانکۆ/ کۆلێژ/بەشی زانستی**
**پسپۆڕی**
**ڕێکەوت**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٥٧٠٤ لە ٢٠٢٣/٨/١٧**

پاڵپشـت بە (برگەی دووەم) لە ماددەی (٣٥) لە یاسـای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٩٩٤٨) لە (2023/8/13)، لەسـەر پێشـنیاری ئەنجومەنی باڵای کوردسـتان بۆ پسـپۆڕایەتیەکانی پزیشکی، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢٣)**

**ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)**

**ماددەی (١): مەرجە گشتیەکان:**

١- بەدەسـتهێنانی نووسـراوی لارینەبوون لە شـوێنی کارکردنی ئێسـتای پێشـکەشـکار بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٢- بەڵگەنامەی پوختەی ڕاژە.

٣- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- مەرجی بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ گشت پێشکەشکارانی پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی وورد بریتی دەبێت لە(IELTS-Academic: 6 ,TOEFL-PBT:497,TOEFL-iBT:73,Pearson PTE-Academic: 67) و دوا مۆڵەت بۆ پێشـکەشـکردنی بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانسـتی زمانی ئینگلیزی پێش تاقیکردنەوەی کرداری (پراکتیکی) کۆتاییە. بە پێچەوانە بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت.

ب- سـەبارەت بە ئەنجامدانی بڕوانامەی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانسـتی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic) تەنها لە سـێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سـەربەخۆکانی هەرێمی کوردسـتان کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسـتراليا)، بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

ج- پێویستە لە سەر ئەنجومەنی باڵای کورد ستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی ڕا ست و درو ستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانسـتی زمانی ئینگلیزی(IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic)ی وەرگیراوان بکات.

د- بڕوانـامەی تـاقیکردنەوە نێودەوڵـەتیـەکـانی زمـانی ئینگلیزی وەکو (TOEFL, IELTS-Academic, Pearson PTE-Academic) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لە سەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی کە ماوەی (٢) دوو سـاڵیان بەسـەردا تێپەڕیووە، پێویسـتە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان ئەنجام درابێت.

٤- تەمەنی پێشــکەشــکار بۆ خوێندنی ئاســایی نابێت لە (٥٠) ســاڵ زیاتر بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە سیستەمی پاڕاڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.
٥- مەرجە پێشکە شکار خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، بە پێچەوانەوە پێشکە شکار دەتوانێت بە شێوازی پاڕاڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.

**ماددەی (٢): مەرجە تایبەتیەکان:**

١- ئەگەر پێشـکەشـکار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و ئارەزووی پێشـکەشـکردنی هەبێت بۆ یەکێـک لەم دوو پســپۆڕییـانە(Cardiovascular Medicine, Rheumatology) ، ئەوا مـاوەی خوێندن و ڕاهێنان (٥) پێنج ســاڵ دەبێت، هەروەها دەبێت ســاڵێک وەکو نیشــتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە بەشی هەناوی گشتی یاخود ئەو بەشەی کە پێشکەشی دەکات.
٢- ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بۆردی پزیشکی بێت و ئارەزووی پێشکەشکردنی خوێندنی پســپۆڕی وورد (Track II)ی هەبێـت بۆ یەکێـک لەم پســپۆڕییـانە (Gastroenterology, Nephrology Medicine, Pulmonary Medicine, Cardiology, Endocrinology and Diabetes, Pediatric Cardiology, Digestive and Hepatic Surgery, Rhinology-Endoscopic Skull Base Surgery)، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت.
٣- ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە پێویستیان بە پلەبەندی نیە وەکو مەرج لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەنـدروســتی بە پێی یـاســا بەرکـارە پەیوەنـدیـدارەکـان (Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine, Emergency Medicine).
٤- مەرجی خوێنـدن و ڕاهێنـان لە پســپۆڕیەتی Intensive Care Medicine: هەمـان مەرجە گشتیەکان پەیڕەو دەکرێت لەم پسپۆڕیەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە بۆ (Track I) لە کاتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.
٥- مەرجی خوێنـدن و ڕاهێنـان بۆ پســپۆڕیەتیەکـانی (Health Administration, Infectious Disease Control)بریتی دەبێت لە:-

أ- پێشکەشکار پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج.
ب- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Infectious Disease Control) بکەن.
ج- دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشـکی گشـتی و پزیشـکی ددان و دەرمانســازی دەتوانن پێشـکەشــی پسپۆڕی (Health Administration) بکەن.
د- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشـکی ددان دەتوانن پێشـکەشــی خوێندن و ڕاهێنان لە پســپۆڕیەتی (Dental Public Health)بکەن و مەرجە پێشکەشکار ساڵێک خزمەتی وەکو پلەبەند هەبێت.

٦- مەرجە دوو ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین بۆ هەردوو بەشی (Dermatology, Plastic Surgery) هەبێت.

تێبینی/ هەردوو پسپۆڕی پێست و نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری دەکرێت دوای تەواوکردنی یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات بە مەرجێک بەڵێنامەی کارکردن بدات کە وەک میلاک بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لە دەرەوەی شار خزمەت بکات لە (هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین و کۆیە و زاخۆ) و ببێتە میلاکی ئەم شوێنانە.

٧- بۆ پسپۆڕییەکانی پزیشکی ددان، پێشکەشکار پێویستە بە لایەنی کەمەوە (٣) سێ ساڵ خزمەتی کردەیی هەبێت.

٨- پێشکەشکارانی دانەمەزراو لە پسپۆڕییەکانی (پزیشکی ددان، دەرمانسازی) هەمان مەرج و ڕێنمایی پزیشکانی دامەزراو لەسەریان جێبەجێ دەکرێت کە پێویستە (١) یەک ساڵ پزیشکی خولاوی و (٢) دوو ساڵ پلەبەندی وەکو خۆبەخش تەواوی کردبێت، کە دەتوانێت تەنها بۆ ئەو پسپۆڕییانە پێشکەش بکات کە پێویستی بە ماوەی نیشتەجێی دێرین نیە پاشان مافی پێشکەشکردنیان دەبێت بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، خوێندن و ڕاهێنانیان بە شێوەی سیستەمی پاراڵێڵ دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پێشکەشکار نووسراوی پشتگیری لە (دیوانی وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان) بهێنێت و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن.

تێبینی/ هەڵگری بڕوانامەکانی (MRCP, MRCS, FRCP, FRCS) بە هاوتای بۆرد هەژمار ناکرێت. تەنها ئەو بڕوانامانە هەژمار دەکرێن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کراوە لەسەر بنەمای (CCT) .

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (TrackI) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی ورد (Track II) |
| Internal Medicine | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەناو | |
| Pediatrics | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی منداڵان | |
| Family Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | |
| Psychiatry | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە | |
| Gastroenterology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Emergency Medicine | پێویستی بەماوەی پلەبەندی نیە وەکو مەرج لەحاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی | |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (TrackI) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی ورد (Track II) |
| Neurology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | |
| Medical Oncology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە | |
| Clinical Hematology | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی لە بەشەکانی (هەناوی) یان (نەخۆشیەکانی خوێن) یاخود (گریێ-الاورام) | هەڵگری بۆردی هەناوی تێبینی/ هەڵگری بۆردی هەناوی ماوەی خوێندن (٣) ساڵ دەبێت و هەڵگری بۆڕدی (Hematopathology) ماوەی خوێندن (٤) چوار ساڵ دەبێت |
| Dermatology | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی پێست یاخود (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی پێست بە مەرجێک بەڵێننامەی خزمەتی دەرەوەی شار بۆ ماوەی (٥) ساڵ پڕ بکاتەوە | |
| Nephrology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە هەمان پسپۆڕی یاخود هەناوی | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Rheumatology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە هەمان پسپۆڕی یاخود هەناوی | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Pulmonary Medicine | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Cardiology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Endocrinology & Diabetes | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Clinical Pharmacy | (١) یەک ساڵ خزمەتی دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو (٢) ساڵ خزمەتی دەرمانسازی پلەبەند یاخود کۆی گشتی (٣) ساڵ خزمەتی هەبێت | |
| Pediatric Cardiology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت، |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی ورد (Track II) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (TrackI) | پسپۆڕیەکان |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری گشتی | General Surgery |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون | Gynecology & Obstetrics |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری مێشک و کۆمەڵەی دەمارەکان و بڕبڕەی پشت | Neurosurgery |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی ئێسک و شکان | Orthopedics |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری قورگ و لوت و گوێ | ENT |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری میزەڕۆ | Urology |
| | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری سنگ و بۆڕیەکانی خوێن یاخود دوو ساڵ نیشتەجێی دێرین لە نەشتەرگەری گشتی | Cardiothoracic & Vascular Surgery |
| هەڵگری بۆردی نەشتەرگەری گشتی تەنها لە تاقیکردنەوەی (Primary) دەبەخشرێت و ماوەی خوێندنیان (٤) ساڵ دەبێت. | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری یاخود (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری بە مەرجێک بەڵێننامەی خزمەتی دەرەوەی شار بۆ ماوەی (٥) ساڵ پڕ بکاتەوە | Plastic Surgery |
| هەڵگری بۆردی نەشتەرگەری گشتی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | Digestive & Hepatic Surgery |
| | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری چاو | Ophthalmology |
| | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری منداڵان یاخود نەشتەرگەری گشتی | Pediatric Surgery |
| هەڵگری بۆردی قورگ و لوت و گوێ ENT، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | Rhinology - Endoscopic Skull Base Surgery) |
| | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە وەکو مەرج لە کاتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | Anesthesia |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (TrackI) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی ورد (Track II) |
| Intensive Care Medicine | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە | هەڵگرانی بروانامەی بۆرد لە ( General Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology) ماوەی خوێندن و ڕاهێنانیان (٣) ساڵ دەبێت |
| Oral & Maxillofacial Surgery | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری دەم و ڕوو و شەویلاگ | |
| Oral & Maxillofacial Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Restorative Dentistry | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Orthodontics | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Special Care Dentistry | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Hematology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | |
| Histopathology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | |
| Chemical Pathology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | |
| Clinical Microbiology) | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | |
| Radiology & Medical Imaging | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی تیشک و سۆنار یاخود (٢) دوو ساڵ خولی تیشک و سۆنار (دورة تدريب الاشعة) | |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (TrackI) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی ورد (Track II) |
| Radiation Oncology | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە تیشک | |
| Community Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Health Administration | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Infectious Disease Control | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |
| Dental Public Health | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | |

پسپۆڕی گشتی (Track I): پسپۆڕی گشتی هەڵگرانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

پسپۆڕی وورد (Track II): تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

**ماددەی (٣): تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

١- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستانداردی ناوەندی ئەنجام دەدرێت کە پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەکان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی ئامادە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت.

٢- مەرجە پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و مەرجە بە لایەنی کەم (٥٠) پەنجانمرە لە (١٠٠) سەد نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە مافی چوونە پێشبرکێی نییە.

٣- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوازی نووسین ئەنجام دەدرێت.

٤- پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

٥- پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایانی پسپۆر، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**ماددەی (٤)**:ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:-

شێوازی وەرگرتن و پێوەرەکانی پێشبرکێ لە نێوان پێشکەشکاران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

١- نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ڕێژەی (٣٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.
٢- نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ڕێژەی (٧٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

تێبینی:

أ-بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی دوو ساڵەی پزیشکی، (٤) چوار نمرەی وەکو خاڵ پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ.

ب- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی یەک ساڵەی پزیشکی، (٢) دوو نمرەی وەکو خاڵ پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ.

ج-بۆ هەر ساڵێکی نیشتەجێی دێرین، (٢) دوو نمرەی وەکو خاڵ پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

د- بۆ هەر ساڵێکی خزمەت پاش پسپۆری یاخود نیشتەجێی دێرین (١) یەک نمرەی وەکو خاڵ پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

هـ-لە پسپۆری وورد، تاقیکردنەوە لەسەر (١٠٠) نمرە ئەنجام دەدەن و نمرەی بەدەستهاتوو دەبێتە نمرەی پێشبرکێ بۆ خاڵبەندی.

**ماددەی (٥): بەڵگەنامە داواکراوەکان:**

١- فۆڕمی پێشکەشکردن.
٢- نوو سراوی لاری نەبوون و دوایین پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکە شکار لە سەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگە.
٣- تێبینی/ بۆ دامووده‌زگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە سەر ئا ستی سەرۆکایەتی زانکۆ دەبێت.
٤- بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس بە زمانی ئینگلیزی (وێنەی ڕەسەن).
٥- بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەڵگرانی (بڕوانامەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا و بۆردی پزیشکی) ئەگەر هەبێت.
٦- وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لە (ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی زانیاری) یان (کارتی نیشتمانی) یاخود (پاسپۆرت).
٧- وێنەی کەسی ڕەنگاوڕەنگ.
٨- پسولەی ژمێریاری پێشکەشکردن.
٩- پێشکە شکار پێویستە لە ماوەی پرۆ سەی پێشکە شکردن، بەڵێنامەی یا سایی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی پڕ بکاتەوە کە لە بۆردی پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوە.

١٠-پێشکەشکارانی کەس و کاری پلە (١) یەکی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان وەکو (کچ، کوڕ، هاوسەر)، پێویستە لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن، پشتگیری بە نووسراوی فەرمی و بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان دوای پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، رادەستی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی بکەن.

**ماددەی (٦): پلان و ژمارەی کورسییەکان:**

دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە، (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە رێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا) داوای پلان لە (ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی) دەکات. ئەنجومەن هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی وەرگرتن پێی یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان، بە پێی پێداویستی راستەقینەی دامەزراوەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە رەچاوکردنی هەبوونی ستافی ئەکادیمی و ژێرخانی سەنتەرەکانی خوێندن و راهێنان و پزیشکی و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پاشان لە لایەن (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا) پلان و ژمارەی کورسییەکان بە واژووی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند دەکرێت، دوای تەواوبوونی پرۆسەی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەنجامی بەرایی و کۆتایی پێشکەشکاران بۆ (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا) رەوانە دەکرێت بە مەبەستی ووردبینیکردن و پەسەندکردنی ئەنجامی بەرایی و کۆتایی وەرگیراوان لە لایەن وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

پلان و ژمارەی کورسیەکانی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١- کورسیە گشتییەکان بە شێوازی خۆرایی: ئەو پێشکەشکارانەی مافیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە کورسیە بکەن لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ژمارەی کورسیە گشتیەکان بە شێوازی خۆرایی بە شێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت.

٢- کورسی بە شێوازی پاراڵێل:ئەو پێشکەشکارانەی مافیان هەیە پێشکەشی کورسی پاراڵێل بکەن لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ژمارەی کورسیەکانی پاراڵێل بە شێوەی سەرتا سەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت.

تێبینی:

أ- کورسی خوێندن بۆ پلانی بنەرەتی وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند کراوە، زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت.

ب- لە پێناو دروستکردنی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت، کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو پێشکە شکردن بە شێوەی سەرتا سەری لەسەر کورسیەکان بە پێی پلانی پەسەندکراو لەسەر بنەمای پێشبرکێ و خاڵبەندی دەبێت.

ج- لە پێناو بەدیهێنانی شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن، پێویستە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پلان و ژمارەی کورسی خوێندنی پەسەندکراو بە شێوەیەکی فەرمی رابگەیەنێت تاوەکو خوازیاران ئاگاداری وردەکاری پلان و ژمارەی کورسیەکانی خوێندن بن.

د- پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکە شکردن تەنها یەک شێوازی کورسی بە پێی پلانی پەسەندکراو هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی خوێندن بکات.

هـ-لە پیناو خەبات و تێکۆشانی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، کەس و کاری پلە (١) یەکی شەهیدانی سەنگەر و جینۆ سایدی هەرێمی کورد ستان وەکو (کچ، کوڕ، هاو سەر)، کورسی خوێندنی بۆردی پزیشکی لە دەرەوەی پلانی پەسەندکراویان بۆ تەرخان دەکرێت و بە بێ پێشبرکێ وەردەگیرێن، بە مەرجێک پێشکە شکار گشت مەرجەکانی پێشکەشکردن کە لەم رێنماییەدا هاتووە تێدا هەبێت و لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر پسپۆڕییەکە توانای وەرگرتنی هەبێت لە رووی ستافی ئەکادیمی و سەنتەری خوێندن و راهێنان و سەرپەرشتیاری بە پێی رێنماییەکان، ئەوا راستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبێت بە هۆی کەمی ستافی ئەکادیمی و سەنتەری خوێندن و راهێنان و سەرپەرشتیار بە پێی رێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنی بۆ دەردەکات. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت بە پێی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٧): لایەنی دارایی خوێندن و ڕاهێنان:**

١-بۆ ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوازی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی دەبێت.

٢- ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر ئەستۆی پێشکەشکار دەبێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندن بە شێوازی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پێشنیار دەکرێت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لە لایەن فەرمانگەی کارگێری و دارایی بە واژوی وەزیر پەسەند دەکرێت.

**ماددەی (٨): ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان:-**

ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنی باڵایکوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بە ڕێنمایی تەواوکاری دەردەچێت.

**ماددەی (٩): حوکمە گشتییەکان:**

١- مەرجە پێشکەشکار دەرچووی یەکێک لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان بێت کە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی-عێراق دانپێدانراو بێت.

٢- پێویستە وەرگیراو پێش دەستپێکردن بە خوێندن و ڕاهێنان، وێنەیەک لە فەرمانی مۆڵەتی خوێندن بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لەگەڵ وێنەیەک لە فەرمانی کارگێری دەستلەکارهەڵگرتن لە شوێنی کارەکەی پێشکەشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات، بە پێچەوانەوە ناتوانێت دەست بە خوێندن و ڕاهێنان بکات.

٣- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر پێشکەشکار سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی تەواو نەبێت تاوەکو دوایین ڕێکەوتی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت، ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دیاریکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەیان هەیە. هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا مافی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتنی هەیە.

٤- لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی لە لایەن ئەنجومەنەوە بۆ دەردەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیردرێتەبەر.

٥- پاڵپشــت بە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ســاڵی (٢٠٢١)ی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردســتان و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ســاڵی (٢٠٢١)ی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردســتان، وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و ســەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و ســەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشــکەشــی خوێندن و راهێنانی بۆڕد ی پزیشکی بکەن.

**ماددەی (١٠):**

کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت، و ئەو راهێنراوانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن و راهێنان، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو بەردەوام دەبن.

**ماددەی (١١):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کورد ستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبرکێ و بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی، و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بۆڕدی پزیشکی بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندایەتی و چۆنایەتی خوێندن و راهێنان، هەروەها درو ستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی بۆردی پزیشکی و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ داموودەزگاکانی کەرتی تەندرو ستی لە هەرێمی کورد ستان و عێراق و ناوچەکە. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٦٥٤٦ لە ٢٠٢٣/٨/٢٩**

پاڵپشــت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاســای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو و، پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٢)ی ســاڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەت و، نووســراوی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٨٥) لە (٢٠٢٣/٨/٢٠)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٣)**

**ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/ســێیەم: تاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی/خاڵی ١) و (ماددەی حەوتەم:پلان و ژمارەی کورســیەکان/خاڵی ٤ و ٥) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماســتەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســتان، بەم شــێوەیەی خوارەوە:

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی پەڵپەکان و چەسپاندنی ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماســتەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســتان، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگیردرێتەبەر:

**هەنگاوی یەکەم:** ئەو پێشکەشکارانەی بۆ خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی کلینیکی و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) پێشــکەشــیان کردووە و لە تاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی دەرچوون، بەڵام بەهۆی نەمانی کورســی خوێنــدن وەرنەگیراون، دەســەڵات دەدرێــت بە (ئەنجومەنی زانکۆکــان) بۆ پڕکردنەوەی کورســیە بەتاڵەکان لە ڕێگەی ئاڵۆگۆڕکردن (موناقەلە)ی کورســیەکان لە (کورســی تەرخانکراوی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا) بۆ (کورســی پاراڵێل) یان (کورســی تەرخانکراوی دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان) بۆ (کورسی پاراڵێل) یاخود ئەگەر (کورسی پاراڵێل) بە بەتاڵی مابێتەوە بە پێی ژمارەی کورسیەکان و پلانی پەسەندکراوی زانکۆکان، کە لە لایەن وەزارەتمان پەســەندکراوە بە مەرجێک پســپۆرییە وردەکەی پێشــکەشــکار هەمان پسپۆری وردی کورسیە بەتاڵەکە بێت لە هەمان بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆ بێت کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تیایدا ئەنجام داوە، ئەمەش تەنها بۆ پێشکەشکارە دەرچووەکانە کە گشــت پێشــکەشــکارە دەرچووەکان بە ســەرجەم شــێوازەکانی پێشــکەشــکردن (بازنەکانی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان، پاراڵێل)

دەگوازرێنەوە سەر بازنەی (کورسی پاراڵێل) و، بە پێی خاڵبەندی پێشبرکێ دەکەن لەسەر کورسیە بەتاڵەکان، بە شێوەیەک کە بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی کلینیکی ئەو پێشــکەشــکارەی بەرزترین خاڵبەندی بە پێی ناوەڕۆکی (ماددەی سـێیەم/خاڵی ٢) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢) بەدەســتهێنابێت؛ وەردەگیرێت. بۆ خوێندنی دکتۆرا ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵبەندی بە پێی ناوەڕۆکی (ماددەی سێیەم/خاڵی ٣) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢) بەدەستهێنابێت؛ وەردەگیرێت، بە مەرجێک شـێوازی خوێندنەکە بە شـێوازی پاراڵێل دەبێت و، بە شـێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ پێشـکەشـکاران. بۆ ئەم مەبەسـتەش پێویســتە پێشــکەشــکار لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە؛ داواکاری و بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆکان پێشکەش بکات کە رەزامەندە بە شێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی وەرگرتنی نامێنێت.

**هەنگاوی دووەم:** ئەو پێشکەشکارانەی بۆ خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی کلینیکی و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) پێشــکەشــیان کردووە و لە تاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی دەرچوون، بەڵام بەهۆی نەمانی کورســی خوێندن وەرنەگیراون، ئەوا دەســەڵات دەدرێت بە (ئەنجومەنی زانکۆکان) بۆ زیادکردنی کورسـی خوێندن تەنها بۆ پێشـکەشـکارە دەرچووەکان لە هەمان ئەو پسـپۆڕییە ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێیدا ئەنجام داوە، هەروەها مەرجە زیادکردنی کورســییەکە بە گوێرەی توانای بەشــەکان بێت بە مەرجی رەچاوکردن و پەیڕەوکردنی رێنمایی میچی سەرپەرشتیکردنی پەیوەندیدار و ستافی وانەوتنەوە و هەبوونی تاقیگە و پێداویستیە زانستیەکان، یاخود لە رێگەی هاوبەشی زانستی نێوان زانکۆکان بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن لە ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکرن لە زانکۆکانی دیکە، هەروەها لە کاتی زیادکردنی کورســی خوێندن، مەرجە گشــت ئەو کورســیانەی زیاد دەکرێن بۆ پلانی پەســەندکراوی زانکۆکان بە شــێوازی پاراڵێل بێت و بە شــێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ پێشـکەشـکاران. بۆ ئەم مەبەسـتەش پێویسـتە پێشـکەشـکار لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە، داواکاری و بەڵێننامەی یاســایی لە ســەرۆکایەتی زانکۆکان پێشکەش بکات کە رەزامەندە بە شێوازی پاراڵێل وەربگیردرێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی وەرگرتنی نامێنێت.

لە حاڵەتی زیاکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کورسییەکانی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بۆ ئەو پێشکەشکارانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، بەڵام بەهۆی نەمانی کورسی خوێندن وەرنەگیراون، ئەوا بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی

کلینیکی، ئەو پێشــکەشــکارەی بەرزترین خاڵبەندی بە پێی ناوەڕۆکی (ماددەی ســێیەم/خاڵی ٢) لە ڕێنمـایی ژمـارە (٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢) بەدەســتهێنـابێـت؛ وەردەگیرێـت. بۆ خوێنـدنی دکتۆرا ئەو پێشــکەشــکارەی بەرزترین خاڵبەندی بە پێی ناوەڕۆکی (ماددەی ســێیەم/خاڵی ٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ســاڵی (٢٠٢٢) بەدەســتهێنابێت؛ وەردەگیرێت. هەروەها لە حاڵەتێکدا ئەگەر زانکۆ نەیتوانی کورسی خوێندن بۆ بەشێک لە دەرچووان لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە پڕۆسەی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە دەستەبەر بکات، ئەوا ناوبراوان بە وەرگیراو هەژمار دەکرێن لەم خولە، بەڵام دەستپێکردنی خوێندنەکەیان دەکەوێتە کاتی کردنەوەی خولی داهاتوو، بۆ ئەم مەبەســتەش پێویســتە زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستنی خوێندن بۆ ناوبراوان دەربکات.

**هەنگاوی سێیەم:** پێدانی دەسـەڵات بە (ئەنجومەنی زانکۆکان) سـەبارەت بەو پێشـکەشـکارانەی بۆ خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی کلینیکی و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســتان بۆ ســاڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) پێشــکەشــیان کردووە لە تـاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی دەرنەچوون، بەڵام نمرەی (١٠) دە و بەرەو ســەرەوەیـان لە تاقیکردنەوەی توانســتی زانســتی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەســتهێناوە و کورسی بەتاڵ ماوەتەوە لە پلانی پەسەندکراوی زانکۆکان لە هەمان پسپۆڕی ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێیدا ئەنجام داوە، هەروەها دوای جێبەجێکردنی (**هەنگـاوی یەکەم**)ی ســەرەوە بە ئـاڵوگۆڕکردن (مونـاقەلە)ی کورســییە بەتاڵەکان لە پلانی پەســەندکراوی زانکۆکان، ئەگەر کورســیەکان پڕ نەبوونەوە و هەر بە بەتاڵی مانەوە، ئەوا لێرەدا سەرجەم کورسیە بەتاڵەکان دەکرێن بە (کورسی پاراڵێل) و گشت پێشکەشکارە دەرنەچووەکان بە ســەرجەم شــێوازەکانی پێشــکەشــکردن دەگوازرێنەوە ســەر بازنەی (کورســی پاراڵێل) بە ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی پێشکەشکاران لە گشت بـازنەکـانی (داموودەزگـاکـانی وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا، داموودەزگـاکـانی حکومی لە هەرێمی کوردســتان و پاراڵێل) لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە تاکو کورســیە بەتاڵەکان بە گوێرەی پلانی پەســەندکراوی زانکۆکان پڕ دەکرێنەوە و، بە پێی نمرەی تاقیکردنەوەی توانســتی زانستی پێشبرکێ دەکەن لەسەر کورسیە بەتاڵەکان، ئەو پێشکەشکارەی کە بەرزترین نمرەی تاقیکردنەوەی توانســتی زانستی بەدەســتهێنابێت، ئەوا وەردەگیردرێت بە مەرجێک خوێندنەکەی بە (شــێوازی پاراڵێل) دەبێت و بە شــێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت بۆ پێشــکەشــکاران. بۆ ئەم مەبەســتەش پێویســتە پێشــکەشــکار لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە لایەن زانکۆوە؛ داواکاری و بەڵێننامەی یاســایی لە ســەرۆکایەتی زانکۆکان پێشــکەش بکات، کە ڕەزامەندە بە (شێوازی پاراڵێل) وەربگیردرێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی وەرگرتنی نامێنێت.

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/سێیەم: تاقیکردنەوەی توانستی زانستی/خاڵی ١) و (ماددەی حەوتەم: پلان و ژمارەی کورسیەکان/خاڵی ٤ و ٥) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(لە خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، مەرجی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ڕەچاو ناکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم جۆرە خوێندنە تەنها بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار بەکاردێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی ماستەر، بۆیە دەسەڵات دەدرێت بە زانکۆکان بۆ پڕکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکان بە پێی پلانی پە سەندکراوی زانکۆکان لە لایەن وەزارەتەوە. سەبارەت بەو پێشکە شکارانەی بە هۆی نەمانی کورسی وەرناگیرێن، ئەوا دەسەڵات بە زانکۆکان دەدرێت بۆ زیادکردنی کورسی خوێندن، بە مەرجێک زیادکردنی کورسیەکە بە گوێرەی توانای بەشەکان بێت و، ڕەچاوی ستافی وانەوتنەوە و هەبوونی تاقیگە و پێداویستیە زانستیەکان بکرێت، مەرجە گشت کورسیەکان بە (شێوازی پارالێڵ) بێت. هەروەها دەسەڵات بە زانکۆکان دەدرێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتی هەبوونی داواکاری بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بە مەرجێک کورسی بەتاڵ بوونی هەبێت).

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم) لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(پێشکە شکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕێژەی (٧٠%)، کە لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان پشت ڕاست دەکرێتەوە و، بە نووسراوی فەرمی و بە واژووی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پشتگیری دەکرێن، دوای پە سەندکردنی پشتگیرییەکەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕادەستی زانکۆکەی دەکات، کورسی خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرایان لە دەرەوەی پلان بۆ تەرخان دەکرێت لە هەمان پسپۆری ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تیایدا ئەنجام داوە، بە مەرجێک نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەدەستهاتووی لە (١٠) دە نمرە کەمتر نەبێت؛ ئەوا بە وەرگیراو هەژمار دەکرێن. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی هەبوو لە رووی ستاف و سەرپەرشتیار بە پێی رێنماییەکان، ئەوا راستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بە هۆی کەمی ستاف و سەرپەرشتیار بە پێی رێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ خولی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنی بۆ دەردەکات. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، بە شێوازی خۆرایی لەسەر ئەستۆی زانکۆکان دەبێت).

**ماددەی (٤):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی یەکەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٣) و (ماددەی سێیەم) لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣) و (ماددەی حەوتەم/خاڵی ٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(کەس و کاری پلە یەکی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان وەکو (کچ، کوڕ، هاوسەر) و، زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەرێمی کوردستان (ئەوەی مینحەی مانگانە وەردەگرێت) خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی بۆ یەک جار تەنها، ئەوانەی پێشکەشی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرایان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) کردووە و، لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نمرەکەیان لە (١٠) دە و بە سەرەوە بێت، ئەوا بە وەرگیراو هەژمار دەکرێن و لە دەرەوەی پلان، کورسی خوێندنیان بۆ تەرخان دەکرێت لە هەمان ڕسپۆری ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تیایدا ئەنجام داوە، بە مەرجێک بە نووسراوی فەرمی و بە واژووی وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان پشتگیری دەکرێن، دوای پەسەندکردنی پشتگیرییەکەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕادەستی زانکۆکەی دەکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی لە ڕووی ستاف و سەرپەرشتیاری بە پێی ڕێنماییەکان هەبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بە هۆی کەمی ستاف و سەرپەرشتیار بە پێی ڕێنماییەکان، ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ خولی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنیان بۆ دەردەکات. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٥):**

زیادکردنی (خاڵی ١٢) بۆ (ماددەی حەوتەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(پێشکەشکارانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە مەرجێک ئەگەر هاتوو سەرجەم بەڵگەنامەکانی سەلماندنی وەکو (پسولەی خۆراک + کارتی دەنگدان + کارتی نیشتیمانی/ناسنامەی باری کەسی + کارتی زانیاری) دەکەوێتە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی

ئیدارەی هەرێمی کوردســتان، هەروەها مەرجە پێشــکەشــکار بەڵێننامەی یاســایی لە ســەرۆکایەتی زانکۆکان بدات بەم شــێوەی خوارەوە هاتووە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر هاتوو پێشــکەشــکار پێشــکەشــی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماســتەر و دکتۆرای لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســتان بۆ ســاڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) کردبێت و نمرەی (١٠) دە و بەرەو سەرەوەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەســتهێنابێت، ئەوا بە وەرگیراو هەژمار دەکرێت و، لە دەرەوەی پلان کورسی خوێندنی بۆ تەرخان دەکرێـت لە هەمان پسپۆری ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تیایدا ئەنجام داوە. سەبارەت بە لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، بە شێوازی خۆرایی لەسەر ئەستۆی زانکۆکە دەبێت).

**بەڵێننامە**

من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە، بەڵێن دەدەم میلاکی ســەر بە یەکێک لە داموودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان نیم، هەروەها دانیشتووی هەرێمی کوردستان نیم، بەڵکو دانیشتووی هەمیشەیی (....................)م، کە دەکەوێتە ناوچە ئیداریەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســتان و، لە کاتی زانین و ئاشــکرابوونی بە هۆی پێدانی زانیاری هەڵە، ئامادەم وەرگیران لە خوێندنەکەم هەڵبوەشــێتەوە و، ڕێکاری یاسایی بەرامبەرم بگرنەبەر).

ناوی سیانی پێشکەشکار:

واژوو:

ڕێکەوت:

**ماددەی (٦):**

بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا، ئەم ڕێنماییە تەنها ئەو پێشــکەشــکارانە دەگرێـــــتەوە کە پێشــکەشــی خوێندنی باڵا/خوێندنی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرایان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) کردووە و، تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان ئەنجامداوە.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی تانەگرتنی پێشــکەشــکاران، بە شــێوەی قۆناغ بە قۆناغ بە پێی ریزبەندی جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشــووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت، ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشــووتر وەرگیراون و لە کاتی ئێســتادا بەردەوامن لە خوێندن، ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (٩):**

ئەم رێنماییە لە رێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێـــــت و بۆ ســـاڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوون

لە پێناو بەرژەوەندی گشـــتی و پێدانی دەســـەڵات بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ پڕۆســـەی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماســـتەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســـتان بۆ ســـاڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، هەروەها ڕەخسـاندنی دەرفەتی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماسـتەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکاران و خاوەن پێداویستی تایبەت بە رێژەی (٧٠%) و، پێشـــکەشـــکارانی ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســـتان، هەروەها لە پێناو خەبات و تێکۆ شانی کەس و کاری شەهیدان و جینۆ ساید و زیندانیکراو و گیراوی سیا سی هەرێمی کوردســـتان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســـتی هەرێمی کوردســـتان ئەم رێنماییەی دەرچوواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٥٣٢ لە ٢٠٢٣/٩/٣**

**رێنمایی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەسەر فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئێستای هاوڵاتی و فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٠٢٨٤) لە ٢٠٢٣/٨/٢٠ بڕیاردرا بە :-

هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییمان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ ، تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرز و گەڕاندنەوەی پشکی پێشینەی (هاوسەرگیری و خانووبەرە) لە دەستەبەر (کەفیل).

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٦١٠ لە ٢٠٢٣/٩/٤**

**رێنمایی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٩٦٧) لە ٢٣/٧/ ٢٠٢٣ و بڕیاردرا بە :-

- هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییمان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠١٢ و خاڵی (٨/أ) لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە (گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کەرتی تایبەت) لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ١٣٢١٠ لە ٢٠٢٣/٩/٥**

پاڵپشــت بە ئەحكامی ماددەی (١٧٤) وە برگەی (دووەم) لە ماددەی (١٧٥) و برگەی(سـێیەم) لە ماددەی (٢٧٠) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ، ئەم رێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد :

**رێنمایی گومرگی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری رێنمایی گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ماددەی (١) :**

**یەکەم** : خاڵی (**٣ و ٤**) لەبرگەی **دووەمی** ماددەی (**٢**) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە :

٣- بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سـەد هەزار دینار لە بریکاری دەرهێنەری گومرگی وەک ڕەسـمی پێدانی مۆڵەت تەنها بۆ یەک جار وەردەگیرێت. (جاری یەکەم) .

٤- بڕی (٧٠٠٠٠٠) حەوت ســەد هەزار دینار لە بریکاری دەرهێنەری گومرگی (ســاڵانە) وەک ڕەســمی نوێکردنەوەی کارکردنی پیشە وەردەگیرێت .

**دووەم** : خاڵی (**١ و ٢**) لەبرگەی **چوارەمی** ماددەی (**٢**) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە :

١- بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو ســەد و پەنجا هەزار دینار وەک ڕەســمی پێدانی مۆڵەت تەنها بۆ یەک جار (جاری یەکەم) وەربگیرێت .

٢- بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ڕەسمی نوێ کردنەوەی (ساڵانە)ی پیشەکەی وەربگیرێت .

**ســێیەم** : برگەی **پێنجەم** بۆ ماددەی (**٢**) لە رێنمایی گومرگی ژمارە (٢)ی ســاڵی ٢٠٢٣ زیاد دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە :

(**پێنجەم**) **:** بریکاری دەرهێنەری گومرگی ئـازادن لە هەر شــوێنێکی نزیک لە حەرەمی گومرگی نووسینگە دابنێت بەو مەرجەی بەسیستەمی گومرگی ببەسترێنەوە .

**ماددەی (٢) :**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٠٧ لە ٢٠٢٣/٨/٩**

**بڕیار**

دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٩) لە ٢٠١٩/٢/٦ لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە پشت بەحوکمی مادده (٣٤) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بەکۆی دەنگی ئامادەبووان بڕیاردرا بە :-

١- کردنەوەی بەشی (پرۆتۆکۆل و هەماهەنگی ) لە دیوانی ئەنجومەنی دادوەری وە ئەم بەشە دەلکێت بە بەرێوەبەرایەتی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری .

٢- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

---

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٨٩ لە ٢٠٢٣/٨/٣٠**

**بڕیار**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە پشت بە حوکمی مادده (١٣٧) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی (١٩٨٧) وە مادده (٣٠) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، ئەنجومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاریدا بە:

- پێکهێنانی دادگای کار لە پارێزگای هەڵەبجە وە تایبەتمەند دەبێت بە بینینی ئەو کێشەو داوا و کاروبارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەی.
- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

---

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٩٠ لە ٢٠٢٣/٨/٣٠**

**بریار**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە پشت بە حوکمی مادده (١٣٧و ١٣٩) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی (١٩٨٧) ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بریاریدا بە

- پێکهێنانی دادگای کار لە هەر یەک لە ئیدارەی سەربەخۆی (ڕاپەرین-سۆران /زاخۆ ) بۆ بینینی ئەو داوا و کێشە و کاروبارانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەی وە دادوەری یەکەمی دادگای بەرایی ( ڕانیە -سۆران -زاخۆ) تایبەتمەند دەبێت بە بینینی داواکانی دادگای ئاماژە پێکراو .
- ئەم بریارە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**

**عبدالجبار عزیز حسن**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٢٧٦٨ لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هێنانەکایەی قەزای (خەلیفان ) و ناحیەی (سرێشمە )**

ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٢٥) لە ٢٠٢٣/٧/٢ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆک وەزیران ژمارە (٣٣٦٣) لە ٢٠٢٣/٨/٨ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٩٩٢٩) لە ٢٠٢٣/٤/١٦ سەبارەت بە هێنانەکایەی قەزای (خەلیفان)لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و هێنانەکایەی ناحیەی (سرێشمە) و لە بەر بەرژەوەندی گشتی و ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان بڕیاردار بە :-

**یەکەم:** هێنانەکایەی (**قەزای خەلیفان**) لە سنووری ئیدارەی سۆران بەهەمان سنووری ئێستای ناحیەی (خەلیفان).

**دووەم:** هێنانەکایەی (**ناحیەی سرێشمە** ) لە سنووری ئیدارەی سۆران بەهەمان سنووری ئێستای گوندی (سرێشمە) و بەستنەوەی بە قەزای خەلیفان .

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٨/٨) وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٢٤٨١٩ لە ٢٠٢٣/٨/٣١**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە فراوانکردنی گوندی (دوگندان مەزن )**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، و هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٦١٨) لە ٢٠٢٣/٧/٢٠ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارماندا بە :-

- فراوانکردنی گوندی (دوگندان مەزن ) سەر بە ناحیەی دارەتوو /قەزای بەردەرش کەوا ڕووبەری گشتی دەبێتە (٢٤٧دۆنم و ٦ئۆلک و ٢٥م٢ ) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (١/١) بەڕووبەری (٦٦ دۆنم و ١٢ئۆلک و ٥٠م٢ ) و لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢/١) بەڕووبەری (١٧٨دۆنم و ١٨ ئۆلک و ٧٥ م٢ ) وەک لەنەخشەی هاوپێچی نوو سراوی پارێزگای دهۆکدا هاتووە ، بەپێی یا سا کاری کوژانەوە و دە ست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- گۆرینی (تێبینەرایەتی تۆماری خانووبەرەی دەشتی هەولێر ) بۆ (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی بنەسڵاوە ) سەر بە پارێزگای هەولێر .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد**

**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی هۆبەی ( نەشتەرگەری میزەرۆ) لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/١٧.

**بەیانی ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی هۆبەی (فریاکەوتن )لە نەخۆشخانەی ئازادی فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/١٧.

**بەیانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (سەنتەری نەشتەرگەی سوتان و رێککاری ) لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سەر بەبەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢١.

**بەیانی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی (براغ ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**